کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-11-2007 2:08بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

سوید

## بەڕاستی بارزانی، شادەماری گیانی کوردایەتیە!! ... نەجمەدین شێخ بزێنی

زۆر ڕاستە کەپێشینان وتویانە گیا لەسەربنجی خۆی ئەڕوێ! دیارە ئەگەر چاوێک بگێڕین بەسەر مێژوی گەلەکەماندا، بەداخەوە ئەبینین سەرتاپای باڵای خەڵتانی خوێنە بەدەستی دراوسێکانیانەوە، کەهەردەم چاویان بڕیوەتە نیشتمانە پیرۆزو بەپیتو بەرەکەتەکەمانەوە، تالەناچاریدا کەسایەتی دڵسۆزی گەلو نیشتمانی کورد خۆیان پێڕانەگیراوەو، نەیان تووانیوە چاوپۆشی بکەن لەوتاوانکاریانەی کەئەکرێی بەرانبەر بەنەتەوەکەیان، پەلاماری چەکیانداوەو بەرەنگاری دوژمنان و داگیرکەران بونەتەوە. دیارە ئەوکەڵە پیاوە مەزنانە زۆرن کەشایستەی ئەوەبن مرۆڤی کوردی نیشتمان پەروەرو بەئەمەک ستایشیان لێبکات. بەلاّم دیارە لەرێزی ئەوقارەمان و سەرکردانەشدا توانا داری بەڕیوەبەرایەتی و پێشەوایی جیاوازی تێدا هەبوە. هەر وەکو ئەگەر بەئویژدانەوە بڕوانینە هەڵسو کەوتو بارودۆخە سیاسیە کانیانەوە، لەهەمو بوارێکدا، ئەبینین کەسەرکردایەتی باوکی روحی کورد موستەفا بارزانی لەهەمو بوارەکاندا، زۆرسەرکەوتوانەترو بەتواناتربوە. بەتایبەت لەبواری، ڕامیاریو سەربازی و کۆمەلاّیەتیەوە! دیارە لێرەدا بێگومان دژبەری ئەم بۆچونەی من هەیە، چونکە ئەوە بۆتە سروشتێکی زۆر زەقی کۆمەڵگاکەمان بەداخەوە، تەنانەت ئەتوانم بڵێم ئەگەر چەند بەڕێزێکی کورد کە پێکەوە بکەونە دیالۆگەوە لەگەڵ یەکتر، هەندێکیان بڵێن خوا لەگەڵ ڕاستیدایە، یەکێکیان ڕاست ئەبێتەوە ئەڵێت وانیە!! ئیتر ئاشکرایە هەمو مرۆڤێکیش ئازادە لەدەر بڕینی بیرو بۆچونی خۆیدا، ڕاستیە کانیش زۆرینەی بڕوای ئەندامانی کۆمەڵگا ئەیسەلمێنێت. دیارە بەبۆچونی من ئەو سێ خاڵە بەسە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچونەی من. بۆ نمونە ئەگەر بڕوانینە بواری ڕامیاریەوە، دەرئەکەوێت کەس لەبارزانی نەمرنەگەێشتووە سەربەکام مەعەسکەرە! کاتێک لەیەکەم لێقەومانیدا ڕوی کردە یەکیەتی سۆفیەت. بەبۆچونی هەموسیاسەت مەدارێک وادەرکەوت کەسەر بەلایەنی چەپ ڕەوەو دژ بەرۆژ ئاوایە! بەلاّم دوهەم جار کەڕوی کردە ڕۆژ ئاوا، سەلماندی سەر بەهیچ لایەنێک نیە، تەنها بەدووای بەرژەوەندی گەلەکەیدا ئەگەڕێت!! کەئەوەش پیرۆز ترین و جوانترین هەڵوێستی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەریە.

خاڵی دوهەم ئەوڕێکخستنە چەکداریەی کەنازناوی زێڕینیهێزی پێشمەگەیە، کەئەو ڕێکی خست، لەکۆماری کوردستانیشدا نەگەیشتە ئەوئاستە، هەروەهالەڕوی بەرگری کردنیشەوە بۆیەکەم جاربولەمێژوی تازەی کوردستاندا شەڕی بەرانبەری بەوشێوازە لەگەڵ داگیرکەراندا بکرێ و بتواندری پانتائێکی بەرچاو دەستی بەسەردا بگیرێت و خزمەت گوزاری شارستانیەتی تێدا بەڕێوە ببرێت، شۆڕشی چەکداریش هەر بەردەوام بێت! لەکاتێکیشدا هیچ پاڵ پشتی کردنێکی نێ و دەوڵەتیشی لەپشتەوە نەبوبێت!!

خاڵی سێهەم نەبەرلەشۆڕشی ئەیلولو، ونە لەدووای هەرەز هێنانی تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت، کەگووایە لەهەموکاتێ زیاترهاوپەیمانی بەدی ئەکرێت لەناوڕێزەکانی گەلەکەماندا، بەلاّم هێشتا زۆر دورە لەو ئاستەوە کەلەسەردەمی بارزانی نەمردا هەبوو!! هەربارزنی نەمربوو، کەتووانی، لەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاست، هەر وەها جوتیارو دەرەبەگ، کاسبکارو قوتابی، لەیەک سەنگەری پێشمەرگایەتیدا وەک یەک کۆبکاتەوە!! ئالێرەدایە نهێنیەکانی بارزانی نەمر لەلێهاتویی سەرۆکایەتی و سەرکردایەتیدا. بەڵێ ئەوەی کەئێستاکی من ئەیبینم، لەهەلسو کەوتو هەڵوێستی کوردایەتی، بەڕێز سەروکی کوردستان کاک مەسعود بارزانی، هەمان هەڵوێستە کە لەباوکی ڕوحی کورد موستەفابارزانیدا بەدیمان ئەکرد! بۆێ ئەمرۆکە پڕبەدڵ خۆم بەبەختیار ئەزانم کەخاوەنی سەرۆکو سەرکردەێێکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەتەوەییم، کەبەر لەوەی وەک سەرۆکی پارتێیک هەنگاو بنێ، ئەیسەلمێنی کە سەرۆکی نەتەوەێیکە نەک تەنها پارتی دیموکراتی کوردستان!! جوانترین بەڵگەشم ئەوەیە، لەکاتێکدا ئەبینین، نکۆڵی لەوە ناکرێت، کەکێشەێیکی ڕامیاری درێژ خایەن هەیە لەنێوانی زۆر لەپارتەکانی باشوری کوردستان، بەتایبەتی، یەکیەتی نێشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەلاێیک، لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) کەزۆر جارشەڕی براکوژیشی لێ کەوتۆتەوە، وەلەلایەن زۆرینەی گەلی کوردستانیشەوە، لایەنی پارتی کرێکارانی کوردستان بەناڕەوا ناوبراوە، کەخۆشم یەکێ بومە لەوانە! بەلآم ئەمرۆ کەئاشکرایە هەڵوێستی داگیرکەرانی کوردستان و هەندێ وولآتانی بەرژەوەند دارو، ناوچەکەش، بەناڕەوا ئوێژدانی مرۆڤایەتی ئەخەنە ژێرپێی و بێ شەرمانە ناوی پارتێکی نێشتمان پەروەری کوردستان، کە داکۆکی لەمافی ڕەوای زیاتر لە بیست ملیون مرۆڤی کوردئەکا، کەبەبەرچاوی کۆمەڵگای درۆزنی نێودەولەتیەوە، بەتایبەت وولآتانی ئەوروپای بەناوماف پەروەرو، ئەمریکای داکۆکی کەری درۆلەدیموکراتیەت!! ئەچەوسێندرێنەوەو، تەنانەت بێبەشن لەخوێندنی زمانی دایکیش، کەلە وولآتانی بێگانەشدا ئەوەئازادە. کەچی داکۆکی لەداگیرکەرو شەڕانگێزی ناڕەوا ئەکەن، و دژی هێزێکی بچوکی داکۆکی کەر لەمافی رەوای خۆی هەڵوێستی دوژمنانە وەر ئەگرن!! دیارە من گازەندە لەدوژمنان و دەوڵەتانی وەک ئەمریکاو بەریتانیاناکەم، چونکە مرۆڤ دۆستی و هاوپەیمانیەتی ئەوان لەسەر بنەمای بەرژەوەند داریەتیە، خۆیان پەروەردەی ڕێبازی داگیرکارین، بەلآم سەرم سوڕئەمێنێ، لەکەسایەتیە دۆستەکانی کوردو هەندێ کوردی بەناو نەتەوەی و نیشتمان پەوەر! کەچۆن ئویژدانیان ڕێگەیان پێ ئەدا بەڕاشکاوانەو بێ شەرم ناوی پارتێکی شۆڕشگێڕی نیشتمان پەروەر ئەبەن بەتیرۆریست!! لەکاتێکدا کەزۆر لێکردنێکی ئەوتۆیان بسەرەوە نیەو تەنها بۆڕەزا مەندی بەرپرسانی تورکیایە. بەلآم کەئەبینم سەرۆک مەسعودبارزانی، لەگەڵ ئەوەی کەماوەێیکە بەزور شێواز هەوڵ ئەدرێت لەلایەن زۆر لەبەرپرسانی ناوەوەو دەرەوە بەتایبەت لەڕێگەی هەواڵ نێرەکانی ڕاگەیاندنەوە، بەهۆی کۆنگرەی ڕۆژنامە گەریە کانەوە هەوڵی ئەوەدراوە بەبەر چاوی کامیراوە، یەک تەنها جارێیک ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان بەڕێت بەڕێکخراوێکی تیرۆریستی بۆ دڵخۆشکەری دوژمنان، ئامادە نەبووە ئامانجەکانیان بگەێینێتە جێێ و هەستی نەتەوایەتی ڕۆڵەکانی گەلەکەی بریندار بکات، بۆ ڕەزامەندی هەستی نەیارانی کورد، لەکاتێکدا لەوپەڕی بێزاریدایە بەرانبەر بەهەڵوێستی پەکەکە. چونکە ئەم دەست کەوتەی باشوری کوردستان بەخوێنی گەشی دەیان هەزار ڕۆڵەکانی باشوری کوردستان هاتۆتەکایەوە نەک لەڕێگەی تێکۆشانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، کەبەداخەوە ڕێز بۆ هیچ پارتێکی تری کوردستانی دانانیت وەک پارتێکی خۆ پەسەند!! ڕاستە کە هەمو پارتە کوردستانیەکان خاڵی هاوبەشیان زۆرە، بەتایبەت خاڵێ نیشتمان پەروەری و خاڵی نەتەوایەتی. بەلآم وەک پێشینان وتویانە، برامان برایی کیسەمان جیایی.. ئاشکرایە کوردستان دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەتداو داگیر کراوە بەناڕەوایی، بۆێێ ئەبێت پێشا هەربەشەو بەشێوازی تایبەتی خۆی تێبکۆشی خۆی ڕزگارکات لەدەست دوژمن ئەمجار بیر لەیەک پارچەیی کوردستان بکرێتەوەو، هەولی یەکخستنەوەی بدرێتەوە، هەر چەندە بیری یەک خستنەوە خەیاڵ پەلآوە، لەکاتی تەنگانەدا وەکو پێویست هاوکاری یەکتر نەکەن، لەکاتی دەسەلآتدا ئەم سەرکردانە چون بۆ یەکتر مل کەچ ئەکەن. بەلآم ئەوە کارێکی گرینگ نیە، منیش هیوادارم کورد لەجیاتی دەوڵەتێک چواردەوڵەتی هەبێت، کەبڕواشم وایە ئەبێت!! لێرەدا ئەگەڕێمە ناوەڕۆکی باسەکەم کەهەڵوێستی سەرۆکی کوردستان بەڕێزمەسعود بارزانیە. دیارە لەپێشەوە باسی ئەو هەڵوێستە جوانو پیرۆزەمان کرد، پێویست بەدوبارەکردنەوەی ناکات. گرینگ ئەوەیە سەلماندویەتی کەشیاوو شایستەی سەروکایەتیەو، شادەماری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-11-2007 2:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

گیانی کوردایەتیە! پێشینان ڕاستیان فەرمووە کەگیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێتەوە، پیرۆزبایی لەگەلی کورد ئەکەم کەباوکی ڕوحی کورد بارزانی موستەفا هەر زیندووەو نەمردوە!!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.